# خەمی چۆلەکەکان یان جەنگی ئیرە و ئەویٚ

**دلشاد حسين**

تیروانینیکی کوورت:

درااما نووس میژوونوس نییه تا روداوەکان وەکو خۆی بنووسیتەوە،

بەلکو بەخویندنەوەی خۆی بۆرووداوەکان، دەق ئەنوسیت. اسامه انور عكاشه

خەمی چۆلەکەکان زنجیرە درامایەکی کوردییە لە نوسین و دەرهینانی هونەرمەند حسین میسری و بەبەشداری کۆمەلی ئەکتەری بە توانای کورد، لە شەوانی مانگی رەمەزانی 2001 لە 29 زنجیرەدا لە کەنالی کوردساتەوە پیشاندرا. کە زۆریك لە بینەرانی دەرەوەی وولات و نیشتیمان بە تامەزرۆوە بەدوای رووداوەکانی کەوتبوون، شەوانە زۆرینەی بینەرانی لە دەوری کوردسات خر ئەکردەوە.

زۆرن ئەو شەرە ساردانەی لە کۆمەلی ئیمەدا کە لەژیرەوە ئەجەنگن و ناگەنە ترۆپی تەقینەوە

کەمن ئەو کەسانەی کە بتوانن پەی بەو جەنگە بەرن کەناخمانی داگیرکردووە، ئیرە(نیشتیمان) و ئەویٚ (هەندەران) جەنگیکی ساردیان هەلگیرسادنووە پیوەگلاوین و نارانین لەکام بەرەین، ئەمرۆ لەم بەرەین سبەی لەو بەرەین، ئەم جەنگە شەری خۆی ئەکات و ناگاتە تەقینەوە، کۆچ بەردەرگای مالمانی گرتووە و بوەتە سیحریکی وەهمی و کارەساتی بە هەموو جۆرەکانیەوە خولقاندووە. ، کیٚ بەرپرسیارە ئیمە یان ئەوان ؟یان هەموومان؟

خەمی چۆلەکەکان، سەرەرایی کۆمەلی تیبینی هونەری کە ئیستا جیگەی ئەو باسە نییە بەلام بۆ ماوەی 29 شەو ئیمەی بردە نیٚو جەنگیکەوە کە کارەساتەکانی ئەو جەنگەمان فەرامۆش کردبوو، پەی بردنیکی ئازاییانەیە بۆ تەقاندنەوەی جەنگیگی سارد و یەکلایی کردنەوەی بەرەکان،

کە بیگومان قەلەم و چاوی کامیرای هونەرمەند حسین میسری لە بەرەی ئیرەیە(نیشتیمان)و شەری ئەویٚ(هەندەران) دەکات، کەرەسەکانی نووسەر و دەرهینەر بۆ ئەم جەنگە بیر و کامیراو ئەکتەرەکانە.

## خەلوەتگەی پیری:

چاوی کامیرا ئەمان باتە خەلوەتگەیەك کە کۆمەلگا فەرامۆشی کردووە، کە ئەندامەکانی لەدەرەوەی میژوو فری دراوون، کامیرا پیمان دەلی ئیرەش هەیەو ئەمانەش قوربانی دەستی ئیمە و ئیوەن

خەلوەتگەش جیگەی هەست و خۆشەویستی مرۆڤەکانە، هەریەکە لیرە خاوەنی چیرۆکیکی دریژە ئەگەر ئیوە رەنگە بەریکەوت تەنها نوسراوی سەردەرگاکە ئەبینن، وەرنە ژووری و ببینن چۆن چۆلەکە هیلانە تیکدراوەکان لیرە وەکو ئیوە حەزوو ئارەزوو و خەمیان هەیەو چەندە ژیانیان خۆش ئەویٚ، پیاویك کاتیك کچەکەی وەك جاران بەکولٚ بۆی ناگری، خەم دایئەگریٚ، عارف کە قوربانی دەستی کۆچ و وەهمی هەندەرانە، رۆژانە لەگەلٚ ئاواتەکانی ئەژی، چاوەروانی دەنگ و رەنگ و هەناسەیەکی کچە کەیەتی، کاتیك نامەی کچەکەی پیئەگات و بەدەستە لەرزۆکەکەی ئەینیٚ بەدەمیەوە و ماچی ئەکات ئیمەش لەگەلٚ خۆی

ئەگرینێ، تەزوو دامان ئەگرێ. عارف شەری بەرامبەر ئەوێ هەلنەگیرساندووە، بەلکو وەهمی ئەوییە یەخەیان بەئەم گرتووەو ئەیخەنە شەریکەوە کەئارەزووی لێی نییە، چونکە ئەوێ جیگای کچە نازدارەکەیەتی نایەوێ شەری ئەوێ بکات، بۆیە ئەگلی بەو جەنگەوە و هیلانەی لێتیك ئەدات. بەهجەت کە بوونی لەخەلوەتگەی پیری زۆر جیگەی قەناعەت نییەو ئەو بیانوانەش کەوای لە بەهجەت کردووە خەلوەتگە ببیتە جیگای هیشتا کەمە بۆ قەناعەت پێکردنمان، بەلاّم بەهجەتیش خاوەن چیرۆکیکی شارەوەیەو ئەویش یەکیکە لە قوربانیانی کۆچ، ئەو جەنگە تەنها هیلانەی لە بەهجەت تیك نەداوە، بەلکو خۆشەویستی بەهجەتیشی تیکشکاندووە و نا ئومیدی کردووە لە تیروانینی بۆژیان، بەهجەت ترسنۆکانە شەر ئەکات ناتوانی رووبەرووی بەرەیەك بیتەوە و لەگەلی بجەنگێ، بۆیە هەردەم هەولی خۆدزینەوە ئەدات لە پرسیارەکان

بەلکو کەناوێ ئەویش دێنن، خۆی لەناوەکەشی ئەدزیتەوە، پیی ئەلین نامەت نییە بۆ براکانت لەوێ، ئەویش گیانی دائەگیرێ و لەو قسەیە رائەکات و ئەلێ کەسم نییە نامەی بۆبنیرم، دیارە بەهجەت هونەرمەندە خاوەن هەستیکی ناسکە، بۆیە زیاتر خەمەکان ئازاری ئەدات و ئەیەوێ لەهەموو شتێ رابکات. ڤیان، کارمەندی خەلوەتگەو جەنگاوەریکی ئازای ئەم جەنگە، کەسەرسەختانە دژ بەئەوێ و کارەساتەکانی ئەجەنگێ، تەنیا چەکی دەستیشی خۆشەیستی و بروا بەخۆ بوونیەتی، خۆشەیستی ڤیان، دۆراوەکانی ئەو جەنگە لەخەو هەلئەسینێ و سەرلەنوێ بەهجەت دینیتەوە باوەشی خۆشەویستی و ژیان. ڤیان خۆیشی قوربانی دەستی عەقلی باوکسالاری کۆمەلگایە، کە کاتێ وویستی بەئارەزووی خۆی ژیانی هاوسەری هەلبژێرێ براکەی لەرویدا وەستا و بەزللەیەك کۆتایی بەو ئارەزوویەی هینا.

بەلاّم ڤیان بە ناچاری نەیتوانی رابکات، بەلکو لەگەلّ چۆلەکەکانی خەلوەتە خۆشەویستی بەرهەم هینا و تادوا ووشەی لەچاوی کامیراوە ئەوێی بە وەهم ناوداركرد و نەچووە ژێر کاریگەری ئەوێ و بگرە پیی ووتین ترسنۆکەکان لەوین و ئیمەین ئازاکانین کە لیرەین (تۆهەر ترسنۆك بوویت، هاوریکانت جیهیلاّ و راتکرد )، پیمان ئەلّێ با رۆژنامەکان ئەویمان بەسەردا گەورەنەکەن، جەنگاوەری حەقیقی لیرەیە ( ئەمەچییە نووسراوە، هونەرمەندی دوورە وولاّت، کەس تائیستا ئەم ناوەی بیستووە، ئەی بۆ باسی کاك بەهجەت ناکەن )

بەدالەیتلفۆن.

سەنتەری بەیەکەوە گریدانی هەمووامان، ئەو سەنتەرەی کە رۆژانە خەمەکانی ئیرە و خۆزگەکانی ئەوی بەیەکەوە گری ئەدات، کۆکردنەوەی دوو کارمەند کە لەحەز و ئارەزوودا دژ بەیەك یەکیان قوربانی ئەوێ و ئەوی تریان لایەنگری خەون و خۆزگەکانی ئەوێ لەجیگایەکدا کە هەموو رۆژێ گوییبیستی ئیرە و ئەوین، ئەگەر ئەو بەدالەیە سەنتەری تلفۆنی جیهانی بوایە جوانتر جەنگەکەی گەرم ئەکرد، کەرەنگە بەدالە و نوسینگەکان زۆر جار رۆلی ناوبژیوان و خاچی سوور ببینن لە نیوان جەنگی ئیرە و ئیرە و ئەوێ بەیان وەکو ئەوانی تر کۆچ ژیانی تیکداوە و میردەکەی لەوێ یەو لیرەش بەدیار دوو منالەوە رۆژانە ئەگری و

یەکێکە لەوانەی لەم جەنگەدا سەری لیتیکچووە خۆیشی نازانی لایەنگیری کێیە، چارەنووسی نادیارە مێردەکەی ئیقامە وەرئەگرێ و ئەچێت بۆ ئەێ؟ یان حەبیبەیە و نازانێ کەی نالی ئەگەڕیتەوە ؟، بەیان نمونەی زۆریك لە قوربانیانی کۆچ و ئەوێ یە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسەکانی ئێرەیە هاو خەمی چرکەکانی ژیانی ئەون و ئاهەنگ بۆ لەدایك بوونی منالەکەی ئەکەن.

ئاڤان. خاوەن شەوق و زەوق، هەڵخەلەتاوی وەهمی ئەوێ، هێندە لایەنگری ئەوییە جەنگی سەخت لەگەڵ ئێرە ئەکات، تەنانەت لەگەڵ خوشکەکەشی ڤیان، ئەو وائەزانێ ئەوەی ئەو لایەنگیری ئەکات حەقیقەتە و خۆی خستوەتە پیشبرکییەکی وەهمیەوە کەتیایدا غیرە لەهەموو کەس ئەکات کەپیشی ئەو بدەنەوە، جەنگاوەریکە وەهمەکان بەحەقیقەت ئەزانێ و بانگەشەی ئاشکرای لایەنداری خۆی ئەکات و ئەلی ئەرسەلان دێتەوە بۆ خوازبێنی من و، من لەئیستاوە لەوێم، بەڵام هاتنەوەی ئەرسەلان نەك وەهمەکانی ناکاتە حەقیقەت بگرە ئەبیتە هۆی ئاژاوەش لەنێو خێزانەکەیدا، ئاڤانیش بە شکستیکی قورسەوە لەو جەنگە وەهمییە دیتە دەرێ و تەنیا جەنگاوەرانی ئێرە فریای ئەکەون و خەمەکانی هەلئەگرن، ئەویش ئەبیتە بەشیك لەخەمی چۆلەکەکان.

## هەلپەرستان و بازرگانانی جەنگ:

جەنگی خەمی چۆلەکەکان، بازرگانان و هەلپەرستانی جەنگ فەرامۆش نەکراون، پرشنگ و شەنگە، گەورە هەلپەرستان و بازرگانی ئەم جەنگەن، کاتیایدا هەولی زۆرترین دەسکەوت دەدەن، کاتی ئەرسەلان دیتەوەو جەنگیکی رووبەروو دەست پی ئەکات، ئەمان بەپیلانیکی داریژراو پالەوانی ئەوێ ئەکەنە نیشانەو خۆشەویستییەکی درۆینەی پیئەبەخشن و بە مەرجەوە شەنگە ئەوێ مسۆگەر ئەکات و پرشنگیش ئێرە مسۆگەر ئەکات و خانویەك بەدەست دینێ، هەلپەرستانی جەنگ کەبەرەی راستەقینەیان دیار نییە، بەڵام قازانجیان لە بوونی هەردوو بەرەدا هەیە، شەنگە پاش ئەوەی ئەولا مسۆگەر ئەکات لیرەش خانوەکە بەناوی خۆی ئەکات و چونکە پیویستی بەئیرەش هەیە و نایەوێ لەبەرەی ئیرەش داببری، هاوشانی ئەمان ئازادی محامی و دغە وعزالدین و سەنگەرو. . هەولی دەسکەوتی گەورە ئەدەن لەم جەنگەدا، هەموو ئیشیکی نایاسایی ئەکەن و پەنا بۆ هەموو پیلانیك ئەبەن بۆ ئەوەی مەیدانی جەنگەکە گەرمتر کەن، قازانجی زۆرتر بکەن، بەلام شکست دینن لە بەدەستهینانی بەرەی ئیرە و ناتوانن لەوە زیاتر لە قازانجی ئەو جەنگە بخۆن و مەرامەکانیان ئاشکرا ئەبیت و ئەگیرین.

## خەمی بێناسنامەکان:

زۆرن ئەوانەی بێناسنامە بەبی منەت ئەژین، کاتیك کامیرا لەگەڵ عەول ئەمانباتەوە پشتی کۆشکە رازاوەکان، لە بەردەیگای کەلاوەکان بەرامبەر دەرگا کراوەکەی ماڵە کۆنەکەی عەول رائەوەستین

ئاخۆ چەند بیناسنامە لەو دیو ئەو دەرگایەوە خەون ئەبینن، کەسیك نایانبینێ و نایاناسێ، تەنها خۆیان یەکتری ئەناسن و لەخەمی یەکتر ئەگەن، عەول رۆژانی هەینی ناچیتە سەرقەبران، چونکە دایکیشی وەك

خۆی گۆڕیکی لات و بێ ناسنامەی هەیە، ئیستا قەبرستانیش وەکو شار رازینراوەتەوە و گۆرە بێناسنامەکان، کەس نایا ندۆزیتەوە، بەڵام عەول ئەو دیو ئەو دەرگای کەبەشەرمنی تیادا گەورەبوو بەناسنامەی خۆی ئەزانی، بەکۆشکی هەمیشەیی یادگارییەکانی ئەزانێ، دیمەنیکی جوانە کاتیك یادگارییەکان لەشوینە بێناسنامەکان جی بهیلی، چونکە تامی حەقیقی خۆی هەیە و دەستی دیمەنی درۆزنانەی شاری پی نەگەیشتووە، دایك و ماڵ لەیەك ئەچن خەونی باوەشی هەردووکیان ئارامە، بۆیە عەول مەنزلگای بەردەگای مالە کۆنەکەیان باوەش و سۆزی دایکی تیا ئەبینێ.

ئەگەر لەگەڵ عەول برۆین، لەگەڵ سامان یەکتر ئەناسین، عەول و سامان دوو بێناسنامەن، تەنها بێ ناسنامەکان ناسنامەیان لای یەکتر هەیە، کاتیك عەول ئەکریتە عارف کەس نایناسێ چونکە لەکۆمەلدا بێ ناسنامەیە، بەڵام سامان چونکە هاو بێناسنامەی خۆیەتی هەر ئەو ئەیناسیتەوە، کاتیك دیتە فەرمانگەی تاپۆ، کە سامان لەدوورەوە ئەیبینێ، ئەیناسیتەوە( بەخوا ئەوە عەولە) ئەمانە مرۆڤی پاك و سادەن، خەم بۆ هەموو کەس ئەخۆن کەس خەمیان بۆ ناخوا، تەنیا عارەق خەمیان لەگەڵ ئەخوا بۆیە بێ هاورییەتی عارەق خەویان لی ناکەوێ، ئەمانیش بەشیکن لە چۆلەکەکان و لەخەمی چۆلەکەکان، لەم جەنگەدا هەربێ ناسنامەن بۆیە ئەیانەوێ، بیناسنامەیی عەول بەکاربینن و بیکەنە خۆراکی جەنگ و ناسنامەی بۆ دانین و ببیتە قوربانی جەنگیك کە جەنگی ئەو نییە، بەلام عەول زانی ئەمە جەنگیکە مرۆڤی تری پی ئازار ئەدری، زوو فریای خۆی کەوت و مرۆڤیکی وەك عارفی لەگۆمی ئازار هینایە دەرەوە، سامان و عەول، پیلانیکیان ئاشکرا کرد کە بەقازانجی بەرەی ئیرە کۆتایی هات، بەڵام خۆیان هەر لەبەرەی بێناسنامەی خۆیاندا مانەوە.

## <u>وێنەکان ئەجەنگن :</u>

وینەی دەرەوە کاتیکی بەرچاوی دیمەنەکانی ئەم درامایەی داگیر کردبوو، جیا لەو تیبینیانەی لەسەر بەکارهینانی ئەو وینانە لەکاتی پیویست و ناپیویستدا یان کارتیکردنی لەسەر رەوتی ئیقاعی گشتی دراماکە، ئەو وینانەش کەرەسەیەکی تری دەرهینەر بوون بۆ گەرم کردنی ململانیکە لەنیوان ئیرەو ئەویدا، کە بۆخۆی بەشیکی گرنگی فەرامۆش نەکراوی جەنگی میدیای ئیرەو ئەوێیە، میدیاکان رۆلیکی باشیان بینیوە لە پیشاندانی وینە سیحر ئامیزەکانی ئەوێ، وینەی بالەخانە، شەقام، جیگا رازاوەکان، کەزۆریك لە هەوادارانی ئەوێی خستە ژیر سیحری جوانی خۆیەوە، وینەکانی ئیرەش لەم دراما خۆیانمان پیشان ئەدەن و وینەی حەقیقی جەنگەکە ئەخەنەژێرەوە و پیمان ئەلین ئیمەش وینەمان هەیە و شەری وینەکان لەگەڵ ئەوێ ئەکەین بەم شیوەیە:

<u>وینەکانی ئەوێ (هەندەران) وینەکانی ئیرە(نیشتمان)</u>

بالەخانە بەرزەکان بالەخانەی سلیمانی پالاس

کازینۆ قەشەنگەکان و کۆشکەکان کازینۆی سلیمانی پالاس و کۆشکەکانی سرچنار

شەوانی جوان و رازاوە شەوانی جوان و رازاوەی سلیمانی

هاتوو چۆ و شەقامەکان فلکەکانی یەکگرتن و ئاسکەکە و شەقامەکان

هیمای روداوە میژووییەکان ئەمنە سوورەکە و مەزارگەی شەهیدان

یاسا و ئاسایش وینەی پۆلیسی هاتووچۆ و ئۆتومبیلی پولیس و ئاسایش

پرۆژە مەدەنیەکان و خزمەتگوزارییەکان ئەنجومەنی شارەوانی و نەخۆشخانە و وینەی کریکار

## کۆتایی و سەرەتا

رووداوەکان جۆگەی خویان گرتەوە هەریەکە بە ریگای خۆی، بەشیك لەململانیکە بەخواستی بەرەی ئیرە(نیشتیمان) کۆتایی هات، باوك چوەوە سەرکاری خۆی و لەچاوەروانی کەلوپەلی مالیکی تری کۆچکەر و ڤیان بۆ لای خەمی چۆلەکەکانی خەلوەتگە و بەلام بە دلیکی پر لە خۆشەیستی بەهجەت. عارف و بەهجەت و عەول بۆ خەلوەتگەی عارف و سامان و عەول بۆ چاخانە و حانوتەکە، ئاڤان و بەیان بۆبەدالەیتلفۆن، گوی بیستی خەمەکانی ئیرە و ئەویّ، ئەوانی تریش هەروەکو جاران، بەڵام شەر کۆتایی نەهات، خەمەکان زۆرن هەم لیرە و هەم لەویّ، ململانیکە تونترە لەوەی کە بە کۆتایی بگات، ئەویش قسەی خۆی هەیە، ئەمە تەنها دەرگای کردنەوەی ململانیکەیە، جەنگەکە بەردەوامە و دریژەی هەیە.